# گەرم کردنەوەی هەواڵ لای هاوڵاتی دەبێتە پیشە
# خوێندنەوەیەك بۆ سێ مانشێتی ژمارەكانی ڕابردووی هاوڵاتی

**نوسینی زانا عەلی**

"گرنگ نییە چ زانیارییەك بە هاوڵاتیان دەدەم، گرنگ ئەوەیە ڕۆژنامە دەردەكەم". ڕەنگە ئەو دروشمە ڕێك و پێك پڕ بەكراسی ئەو سێ ژمارەیەی ڕابردووی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەڕێز بێت،كەكردییە بەر خوێنەرانی.

لەم نوسینەدا هەوڵ دەدەم تەنها مانشێتەكانی ئەو ڕۆژنامە ئازیزە بخوێنمەوە كە لەو بڕوایەدام لەدوای پرۆسەی جیابونەوەی ستافی ئێستای ڕۆژنامەی ئاوێنەو كۆچ كردنی زۆربەی قەڵەمە دیارەكان و خاوەن ئەزمونەكان بەزەقی دەركەوت. ئەمەش بێگومان دیاردەیەكی دروست كرد كە باشترە ناوی بنێین "دیاردەی گەرم كردنەوەی هەواڵ".

نامەوێت بچم بەلای ئەو نوسینە دوورو درێژو چاوپێكەوتنە نەبراوانەی كە لەم ڕۆژنامانە سەری هەڵداوە،یان ئەو هەواڵە دوبارانەی كە لەو سێ ژمارەیەدا هەیە. بەهیچ شێوەیەكیش باسی ئەو قەڵەم بەدەستە موراهیقانە ناكەم كە تەنها مەرامیان لەدوای دادگایكردنی كاك توانا عوسمان و كاك ئاسۆس هەردی ئەوەیە كە حەز دەكەن داوایەكی یاساییان لەسەر تۆماربكرێت و دادگایی بكرێن. بەداخەوە لەدوای دادگایكردنەكەی ئەو دوو بەڕێزە پانتایی ڕۆژنامەی هاوڵاتی سیخناخە لەو بەناو نوسەرانە، كە بێگومان ئەگەر بەرپرسان شتێكی باشیان هەبێت ئەوەیە كە گوێ ناگرن لەو ئینفیعالە هەرزەكارانەیە، كە ماوەیەكە لەو ڕۆژنامەیەوە دەنوسرێت. بەهەرحاڵ باسەری خوێنەران نەیەشێنم بەكورتی ئەو سێ مانشێتەیان بۆ ڕونبكەمەوە كە بەداخەوە جگە لەگەرم كردنەوەو هەندێك جار دروستكردن و هەڵەی گەورەی ڕۆژنامەنوسی لە هاوڵاتی بەڕێز هیچی تر نییە.

یەكەم: مانشێتی ژمارە 274 ڕۆژی 17/5/2006 دەیەوێت پێمان بڵێت بەڕێز مام جەلال خێزانی گەورە پیاوێكی بەعسی پاداشت كردووە. بەمانشێتێكی گەورە نوسیویەتی "تاڵەبانی خێزانی سكرتێری حزبی بەعس پاداشت دەكات".هەر كە خوێنەر مانشێتەكە دەخوێنێتەوە هەست بەوە دەكات كە سەرۆك كۆماری عێراق، تاوانێكی گەورەی كردووە بەوەی كە خێزانێك پاداشت دەكات دەستیان هەبووە لەو نەهامەتی و دەردەسەرییانەی كە لەڕابردوودا بەسەر گەلی عێراقدا هاتووە، بەڵام هەر بە پێچەوانەی مانشێتەكەوە ناوەڕۆكی هەواڵەكە پێمان دەڵێت كە(ڕكابی) ڕاستە دامەزرێنەری حزبی بەعس بووە، بەڵام"لەساڵی 1971 دوای ئەوەی حوكمدرا لەزینداندا لەلایەن بەعسییەكانەوە تیرۆركرا".

خوێنەرانی بەڕێزی، پێم ناڵێن ئەو مانشێتە چەنی بەچەند؟ پێم ناڵێن ئایا ئەمە لەبێهەواڵیدایە یاخود لە نەزانیندایە؟ یاخود لەو بۆچونەدایە كە بڵێن ئێمە لەسەر سەرۆك كۆماریش قسە دەكەین؟ یان بۆ ناو ڕزاندنەو هیچ ی تر؟ چونكە وەك دەزانین زۆرێك لە ڕێبواران كە بەسەر شۆستەدا دەڕۆن و دەگوزەرێن ناوەڕۆكی هەواڵەكە ناخوێننەوە، تەنها ئەو مانشێتە زەقە دەبینێت كە بە پێچەوانەی ناوەڕۆكەكەوەیەتی. هەموومان ئەو دیمەنە دەبینین كە زۆرێك لەخەڵكی كوردستان لەناوبازاڕدا لەبەردەم ڕۆژنامەفرۆشاندا دەوەستن تەنها مانشێتەكانی ڕۆژنامەكان دەخوێننەوە. من پێم وایە ئەو جۆرە مانشێتە بۆ ڕەواجی فرۆشتنە هیچی تر، دڵنیاشم ئەوانەی ئەو ژمارەیان كڕیوە چونەتە ماڵەوە كە خوێندویانەتەوە كۆك بونە لەگەڵ ئەم بیرو بۆچونە. لەكاتێكدا ئەو مانشێتەو هەواڵەكەش لەسەرەتاوە تا كۆتایی هیچ جۆرە سەرچاوەیەكی تیادا نییە كە كۆڵەكەی پشتی هەموو هەواڵێكە.

دووەم: لەژمارە 275 لە 24/5/2006 بەهەمان شێوە مانشێتی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەسەر تاڵەبانییە، ئەمجارەیان نوسراوە"كچێك بەناوی تاڵەبانییەوە دوو ملیار دینار دەخوات". ڕەنگە ئەمە لەڕووی هەواڵەوە هەواڵێكی باش بێت و خەڵك بە پێویستی

بزانێت كە ئەو زانیارییانەی دەست كەوێت، بەڵام خۆ دەبێت بپرسین ئایا ئەو هەواڵە تازە یە ئایا خەڵك نەیبیستووە؟ كەچی دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەیەك كە "دوو لەئێستای" هەمیشە خەڵك چاوەڕوانی بوو زانیاری تازەی لێوە دەست كەوێت.

ئازیزان، ئەو مانشێتە هەر لەناوەڕاستی ئەو مانگەدا چەند ڕۆژنامەیەك ئاماژەی پێداو كچە گیراو دانی نا بەتاواندا و درۆم نەكردبێت مەلەفەكەشی ڕەوانەی دادگاش كرا، بێجگە لە ڕۆژنامەش چەند سایتێكیش باسی كردووە. من نازانم ئایا ستافی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ڕۆژنامەو سایتەكانی تر دەخوێننەوە یاخود هەر بەر پێی خۆیان و بەردەرگای خۆیان دەبینن؟ ئەگەر وانییە من باوەڕ ناكەم هەڵەی وا بەسەر ستافێكی ئەوەندە كەسیدا تێپەڕێت كە ئەگەر كار كەر بن ئەوا دەتوانن ڕۆژنامەی ڕۆژانە دەربكەن.

سێهەم: لەو مانشێتەی كەژمارە 276 پێڕازێنراوەتەوە نوسراوە"بارزانی بڕیاریدا دەستبەسەر دەیان ڤیلای بەرپرساندا بگرێت". ئەو مانشێتەش بەهەمان مانشێتی پێشوتر باسكراوە، هەروەها بەهەمانشێوەش سەرچاوە نییە كە قسەی بۆ كردبێتن ئەوەی دەركەوتووە ئەو هەواڵە لەكوردستان ئۆنلاین وەرگیراوەبۆجاری دووهەم گەرم كراوەتەوە لەكاتێكدا پێش ڕۆژێكیش لەسایتی ناوبراو دابەزیوەو فۆتۆكۆپییەكی ئەو بڕیارەی بارزانی دەریكردووە لەگەڵ هەواڵەكەدا دابەزیوە، بەڵام سەد جار بەداخەوە كە دوور لەعورفی ڕۆژنامەگەری ناوی ئەو سایتە نەهاتووە(گریمان فۆتۆكۆپی بڕیارەكە ئارمی كوردستان ئۆنلاینی پێوە نییە. تۆ بڵێی هاوڵاتی ئەو فۆتۆكۆپییەشی ببردایە ناوی كوردستان ئۆنلاینی نەهێنابا ).

ئەوەی لێرەدا نوسیومە سەرنجێكی كورتە لەسەر سێ مانشێتی ڕۆژنامەی هاولاتی، دەنا نمونەی تر زۆرن وەك مانشێتی ئەو ژمارەیەی بەچەند ڕۆژێك دوای نارەزاییەكانی هەڵە بجە نوسرابوو "ئەوەی دەستی هەبووە لەسوتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵە بجە لەسێدارە دەدرێت"، كە ئەم مانشێتەیان نەك هەر ڕاست نییە بەڵكو بەچەند ڕۆژێك دوای ئەوە هەموو گیراوەكان ئازاد كران و هاوڵاتیش بەم مانشێتەی نەك هەر خزمەتی ئازادی ڕادەربڕینی نەكرد، بەڵكو چووە پاڵ هەموو ئەو دەنگانەی ئیش بۆ ترساندنی خەڵك دەكەن لەوەی جارێكی تر ڕێپێوان نەكرێ.

خوێنەرانی بەڕێز بێجگە لەوەی كە خوێنەرێكی باشی ڕۆژنامەكانی كوردستانم سەرم بۆ نوسین و ڕۆژنامەنوسیش ئەخورێ. هەموو كەسێكیش دەتوانێ لەسەر ڕۆژنامە قسە بكات و ڕخنەی لێبگرێت و ئازادیشە. لەسەرو ئەو تێبینانەشەوە، هەموومان لەسەر ئەوە ڕێكەوتبووین كە هاوڵاتی كوڕی ڕۆژی خۆی بوو خزمەتێكی باشی بەڕەوتی قسەو ڕاستییەكانی كوردستان كرد هەلی زێڕینشی ئەو كاتە بوو كە بەدڵ و بەگیان پێیان وابوو قسە دەهێنینە ناو كۆمەڵگاوە ، بەڵام وابزانم كاتی ئەوە هاتووە بڵێن "هاوڕێیان ئەو سەردەمە گوزەشت".